**وەزارەتی ئەو قاف و کاروباری ئایینی**

**ژمارە: ٢٥٦٠ لە ٢٠١٧/٩/١٠**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی لە ماددەی (٢) بڕگە (١٢) و ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١) بۆ ساڵی ٢٠٠٧ پێماندراوە بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧**

## ڕێنمایی تایبەت بە پرسە

**١- ڕۆژانی پرسە دوو ڕۆژە زیاتر نەبێت .**

**٢- کاتی پرسە لە وەرزی هاوین ، لە ڕێکەوتی (٥/١ تا٣٠ /٩) لە کات ژمێر (٢:٣٠) بۆ (٦:٠٠) دەبێت کاتی پرسە لە وەرزی زستان لە ڕێکەوتی (١٠/١ تا ٤/٣٠) لە کات ژمێر (١:٣٠) بۆ (٤:٠٠) دەبێت**

**٣- باشترە قورئان خوێندن بەبێ بەرامبەر بێت ئەگەر پارە وەرگیرا ڕۆژانە لە (٧٥,٠٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت و ژمارەی قورئان خوێنان هەر چەند بێت بە ئامێری بڵند گۆشەوە .**

**٤- بێ مۆڵەتی وەزارەتی ئەوقاف قورئان خوێن بۆی نیە قورئانی پیرۆز لە پرسەدا بخوێنێتەوە بە هەماهەنگی لە گەڵ کۆمەڵەی قورئان خوێنان ئەم خاڵە جێ بە جێ دەکرێت .**

**٥- لە پرسەدا جگە لە قورئانی پیرۆز ، وەعز وتار نادرێت .**

**٦- بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافەکان و مامۆستایانی ئایینی و قورئان خوێنان پەیوەست دەبن بەبڕیارەکان**

**٧- نابێت دەنگی بڵند گۆکان (سماعە) ئەوەندە بەرزبێت ببێتە هۆکاری بێزاری و هەراسانی مێوانانی پرسە .**

**٨- بەمەبەستی ئاسنکاری لە کاتی بەخێرهێنانی مێوانانی پرسە پێویستە کورسیەکانی ناوهۆڵ واریکبخرێت میوانانی پرسە بەرامبەر خاوەن پرسە بن .**

**٩- داوا لە خێرخوازان دەکەین کە هەوڵ بدەن بۆ دروستکردنی هۆڵی پرسە و بۆنەکان بەتایبەتی پرسەی ئافرەتان بۆ ئەوەی دووربکەوینەوە لە هەڵدانی خێوەت و ڕەشماڵ لە گەرەکەکاندا .**

**١٠- داوا لە بەرپرسان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتیەکان دەکەین کە پشتگیری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە بن کەلە بەرژەوەندی و خزمەتی گشتییدایە .**

**١١- سەرجەم ڕێنماییەکان لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٨/١) لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**تێبینی :**

**أ . پرسە یەك ڕۆژ دەبێت لە شاری سلێمانی**

**ب . ئەم ڕێنمایانە قورئان خوێنی ئافرەتیش دەگرێتەوە .**

**د. پشتیوان صادق عبدالله**

**وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی بە وەکالەت**